وەزارەتی كشتوكال و سەرچاوەكانی ئاو

ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

## رێنمايی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠١١
## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستيكی

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستيكی ، بەرهەمهێنانی جۆرەكانی سەوزەوات بەشێوەی پارێزراو وكۆنترۆل كراو بەشێوەيەك كە لە هەموو وەرزەكانی ساڵ بەرهەمی سەوزەوات لە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت بە بەكارهێنانی رێگا و تەكنەلۆجيای نوێ ، وەهەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتياران و وەبەرهێنەران بۆ چۆنيەتی بەرێوەبردنی و كۆنترۆل كردنی دەرد و نەخۆشی يەكان لەم پرۆژانەدا .

### مەرجی پێويست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- پێشكەش كردنی بەلگەنامەی خاوەنداريەتی زەوييەكە .

٢- پێويستە شوێنی پرۆژەكە و پارچە زەوييەكە گونجاوبێت بۆ چاندنی داپۆشراو لە رووی هەڵكەوتی جوگرافی و كەش و هەواوە .

٣- دەبێت رووبەری زەويی پێويست بۆ پرۆژەكە لە (٣) سێ دۆنم كەمتر نەبێت .

٤- پێويستە كۆی رووبەری بەكارهێنراو بۆ خانووە پلاستيكی يەكان لە (٢٥٠٠) مەتر دووجا كەمتر نەبێت .

٥- پرۆژەكە (٧٥) مەتر لە رێگای سەرەكی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لەشوێنی نيشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٦- پێويستە ئەو كەل و پەلانەی بەكاردەهێنرێن گونجاو بێت لەگەڵ مەرجە هونەرييەكان كە لەلايەن وەزارەتەوە دياريكراون وە ستاندارد بن .

٧- پرۆژەكە سەرچاوەی ئاوی بەردەوام و پێويستی هەبێت .

٨- چاندنی چواردەوری پرۆژەكە بە نەمامی گونجاو ، بەمەبەستی دروست كردنی باگێرەوە ( مصدات الرياح ) .

جميل سلێمان حيدر

وەزيری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو